## پەیڕەوو پرۆگرامی

# سەندیکای کارمەندانی
# تەندروستی کوردستان

پەسەندکراوی دووهەمین کۆنگرە
١١-٢٠١٢/١/١٢هەولێر

# دیباجە

کارمەندانی تەندروستی ئەو توێژە بەرفراوانەی ناوەندی تەندروستیە کە ئەمڕۆ لەنێوکایەی زانستی وڕێکخراوەییدا لەسایەی مێژوویەکی پڕلەکێشمە کیشی سەردەمیانەدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەگەیاندنی پەیامی مرۆڤدۆستانەی خۆی وبەگڕخستنی تواناکان وڕێکخستنەوەو کاراترکردنی ئەرکەکانیدا ,تا لەئاستێکی بالآتردا خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بۆخەڵکی کوردستان لەقۆناغێکی نوێدا بەرجەستە بکات,لەهەمان کاتیشدا خەباتی ڕێکخراوەیی خۆی لەفۆرمێکی نوێدا بۆ دەستبەرکردنی مافە دیموکراسی ومەدەنی وپیشەییەکانی کارمەندانی تەندروستی ئاراستە بکات , بەوئومێدەی ئەم قۆناغەزامنی فەراهەمبوونی زیاتری ئازادی ودیموکراسی ومافە مەدەنیەکان بێت لەچەسپاندنی پێگەکانی دیموکراسی وبەدامەزراوەیی کردنی وئاسۆیەکی ڕونتر بۆئایندەوخەباتی ڕێکخراوەیمان والآتربکات لەهەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵدا .

هەر لەو ڕوانگەیەوە سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی کوردستان لەکۆنگرەی دووەمی خۆیدا جارێکی تر شەن وکەوی خواست وئامانجەپیشەیی ودیموکراسی ونیشتمانیەکانی کارمەندانی تەندروستی دەکات تا بتوانێت ڕایەڵەکانی ڕێکخراوەیی تۆکمەتر بکات وکارامەتر داکۆکی لەخواستەکانی گۆڕانکاری سیستەمی تەندروستی ومافەپیشەییەکانی کارمەندانی تەندروستی بکات وبەجۆشترکارمەندانی تەندروستی بەرەو کەنارەکانی قۆناغێکی نوێ ببات .

# بەشی یەکەم

## ئامانجەکان

### مادەی یەکەم :

### ئامانجە نیشتمانیەکان

١. سەندیکا هاوشانی گەلانی عیراق و کوردستان تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی سیستمی حوکمرانی دیموکراسی فیدرالی لە عیراقدا .

٢. خەبات دەکات بۆ جێ بە جێ کردنی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ .

٣. بەشداری و پشتیوانی گەلی کوردستان دەکات لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نیشتمانی و مەدەنیەکان.

٤. بەشداریکردن لە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و پاراستنی ژینگە .

٥. دژی هەموو توندو تیژیەکین بەرامبەر بە خێزان .

٦. بایەخدان بە تەندروستی گشتی و خۆپارێزی .

٧. بایەخدان بە تەندروستی منداڵان و بە ساڵاچوان و خاوەن پێداویستی یە تایبەتییەکان .

٨. بەرز ڕاگرتنی بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاینییەکان لەکوردستان و عیراقی فیدراڵدا .

٩. قەدەغەکردنی کاری سیاسی لەناو سەندیکادا .

## مادەی دووەم :

## ئامانجە پیشەیەکان

١. داکۆکی کردن و ڕێزگرتن لە کەسایەتی کارمەندی تەندروستی و بنبڕکردنی هەموو جۆرە پێشیلکاریەك لە مافەکانیدا .

٢. دەستەبەرکردنی یاسایەکی هاوچەرخ لە بواری پیشەیی کارمەندانی تەندروستی دا .

٣. هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستمی تەندروستی و هێنانەکایەی سیستمێکی هاوچەرخ و پێشکەوتو بە جۆرێك دەستەبەری مافەکانی کارمەندانی تەندروستی و هاووڵاتیان بکات .

٤. بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی کارمەندانی تەندروستی لە ڕێگەی :

أ- زیاد کردنی مووچە و دەرماڵە تایبەت و جۆراوجۆرەکان .

ب- دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون .

ج- کارکردن لە رۆژانی هەینی و پشووەکان و دەوامی زیادە بە چەند بەرامبەر بێت .

د- لێپرسینەوە لەگەڵ کارمەندی تەندروستی تەنیا لە ڕێگای بەرپرسی بەشەکەوە دەبێت لە ناوەندی کارەکەیدا .

٥- ڕێکخستنی کاری کارمەندانی تەندروستی لە کەرتی تایبەت و گشتیدا .

٦-. هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتە ئیداریەکاندا لە ڕێگەی :

أ- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی تایبەت بە کاروباری کارمەندانی پیشەیی تەندروستی لە وەزارەتی تەندورستی.

ب- بەشداریپێکردنی توێژی کارمەندانی تەندروستی لە پۆستە ئیداریەکان لە وەزیرو بریکار و بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوبەر .

٧ . کردنەوەی داینگەی ( ٢٤ ) دەمژمێری لە ناوەندە تەندروستی یەکان .

٨ . دابین کردنی بیمەی تەندروستی وکۆمەڵایەتی بۆ کارمەندانی تەندروستی . .

٩- دەستگیرۆیی کردنی کارمەندانی تەندروستی بەهرەمەند لە بواری زانستی خویدا

١٠ . بەشداریکردن و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی کارمەندانی تەندروستی لە

ئەنجوومەنەکانی ( نیشتمانی . پارێزگاکان . شارەوانی ) لەرێگای سەندیکاوە ٠

١١ . بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەیی کارمەندانی تەندروستی لە رێگەی :

أ- فێرکردنی بەردەوام .

ب- کردنـەوەی کۆلێـژی پەرستارانی ئێـواران تایـەت بـە کارمەندانی تەندروستی .

ج- کردنەوەی کۆلێژی تایبەت بە پیشە تەندروستی یەکان .

د- دابینکردنـی کورسـی خوێنـدن لـە کۆلێـژە زانـستە تەندروستی یەکان .

١٢- وەرگرتنی فێرخواز سالأنە لە بەشە تەندروستیەکانی پەیمانگاکان بە پێی پێویستی ناوەندی

تەندروستی بێت .

١٣ . هاوهەلوێستی لەگـەڵ ڕێکخـراوە پیشەییەکانی ناوەنـدی تەندروستی .

١٤- یاسای پلە بەندی کارمەندانی تەندروستی هەموار بکرێت .

١٥-بەرزکردنەوەی موچەی بنەڕەتی کارمەندان .

١٦- دامەزرانـدنی کارمەنـدانی تەندروسـتی سـالأنە دوای دەرچـونیان بـە شێوەی مەرکـەزی هاوشێوەی حکومـەتی ناوەندی.

# بەشی دووەم

## پەیڕەوی ناوخۆ

**ماددەی سێهەم :**

سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان .

**ماددەی چوارەم :**

دروشم

**« پیشەیی ، زانستی ، مرۆڤایەتی »**

**ماددەی پێنجەم :**

پێناسە

ڕێکخراوێکی پیشەیی تەندروستی دیموکراسی مرۆڤایەتی سەربەخۆیە .

**ماددەی شەشەم :**

## ئەندامیەتی و مەرجەکان

١. ئەندامێتی : هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هەڵگری بڕوانامەی تایبەت بێت بە بواری تەندروستی لە دەرچوانی زانکۆ ، پەیمانگە ، ئامادەیی ، خوێندگە و خولەکانی پەرستاری

٢. ئەندامێتی ئارەزومەندانەیە .

## ماددەی حەوتەم : بەندی یەکەم

### مەرجەکانی ئەندامێتی

١. پەسند کردنی پەیڕو و پرۆگرامی سەندیکا.

٢. دەبێت فۆرمی تایبەت بە ئەندامێتی پڕبکاتەوە.

٣. هاوبەشی سالآنە بدات.

٤. پابەند بێت بە ڕێنمایەکانی سەندیکا.

٥. ئاکار دروست و دلسۆز بیت بۆ کاری تەندروستی .

٦. نابێت ئەندام بێت لە سەندیکایەکی تری هاوشێوەی سەندیکا .

## ماددەی حەوتەم : بەندی دووەم :

### مافەکانی ئەندام

١. دەنگدان و خۆپالآوتن بۆ هەمووئاستەکانی ڕێکخراو .

٢. پێشنیاز و ڕەخنەگرتن بە بێ سانسۆر.

٣. دەستگیرۆی لە کاتی پێویستیدا .

٤. ئەندامێتی پارێزراودەبێت لە کاتی (نەخۆشی ، خوێندن لەبواری پیشەکەی خۆیدا ، زیندانی سیاسی ، خزمەتی ئالآ).

٥. ڕەخساندنی هەلی کار .

٦. نابیت هیچ کارمەندێکی تەندروستی بەند بکرێت یان سزا بدرێت بە بێ ئاگاداری سەندیکا .

## ماددەی حەوتەم : بەندی سیهەم :

### ئەرکەکانی ئەندام

١. بەشداربون لە بەرنامە و پڕۆژەکانی سەندیکا .
٢. هاوکار بێت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی سەندیکا .
٣. پەیوەستبوون بە ئەندامیەتی بە پیّ ی مەرجەکانی ئەندامێتی .
٤. هەوڵبدات بۆ بەرزکرنەوەی ئاستی زانستی وشیاری پیشەیی خۆی.
٥. نهێنیە پیشەیەکان و سەربەخۆی سەندیکا بپارێزێت .

## ماددەی حەوتەم : بەندی چوارەم :

### لەدەستدانی ئەندامێتی

١. لەسەر داوای خۆی .
٢. کارکردن لە دژی پەیڕەوو پرۆگرامی سەندیکا و سەرپیّچی لە بڕیارەکانی .
٣. بەکارهێنانی ناونیشانی ساختە لە بواری پیشەکەیدا .
٤. ئەنجامدانی کاری ئابووربەرانە لە شوێنی کار و قورخکرنی ناو و ناونیشانی کاری ساختە بۆ بەرژەوەندی کەسی بە ناڕەوا .
٥. ساختەکاری لە بەدەست هێنانی ئەندامیەتی لە سەندیکا.
٦. لە کاتی گۆرینی ناونیشانی پیشەیی تەندروستی بۆ پیشەیەکی تر .

**ماددەی حەوتەم : بەندی پێنچەم :**

## جۆرەکانی سزا

١. ئاگادارکردنەوە .

٢. سەرنج راکێشان .

٣. هەڵپەساردن

٤. لێسەندنەوەی مافی ئەندامەیتی .

ماددەی حەوتەم : بەندی شەشەم :

١. لێسەندنەوەی مافی ئەندامەیەتی لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی بالاّ بە زۆرینەی دەنگ دەبێت.

٢. ئەندامی سزادراو مافی تانەی هەیە لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکەدا.

**ماددەی هەشتەم :**

## شێوازەکانی خەباتی سەندیکایی

١. گفتوگۆ .

٢. پێشنیار .

٣. ڕونکردنەوە و بەیاننامە .

دوای بە ئەنجام نەگەیشتن بەو ڕێگایانەی سەرەوە ئەنجومەنی گشتی سەندیکا مافی بڕیاردانی دەبێت بۆ هەریەك لە :

ا. مانگرتنی کورت و درێژخایەن

ب .ڕێپیوان و خۆپیشاندان .

# بەشی سێهەم

ماددەی نۆیەم :

## پێکهاتەی ڕێکخراوەیی

١. کۆنگرە .
٢. ئەنجومەنی گشتی
٣. دەستەی باڵا
٤. لق .
٥. نوسینگە .
٦. نوێنەرایەتی .

ماددەی دەیەم : بەندی یەکەم

## دەسەڵات

کۆنگرەی گشتی بەرزترین دەسەڵاتی سەندیکایە کە ( ٣ ) سێ ساڵ جارێك دەبەسترێت و مافی .

١. گۆرینی ( ناو ، ئارم ، بەرنامە ، پەیڕەو و پرۆگرام ) ی هەیە .
٢. نەقیب و ئەندامانی دەستەی باڵا لە دوو سندوقی جیاواز دا هەڵدەبژێرێت .
٣. خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی گشتی سەندیکا دەکات .
٤. دەسەلات دەداتە دەستەی باڵا بۆ دانان و گۆرینی ئارمی سەندیکا

**ماددەی دەیەم : بەندی دووەم**

ئەندامانی کونگرەی گشتی پێك دێت لە :

ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی کە پێك دێت لە نەقیب و ئەنـدامانی دەسـتەی باڵا و لیپسراوی لقەکان و هەڵبـژیردراوانی کۆنفراسـە ناوچـەییەکان بـە ڕێژەی ( ١ ) یەك بۆ ( ١٠٠ ) سەد ئەندامی کۆنگرە .

**ماددەی دەیەم : بەندی سێهەم**

١. کۆنگرە لە وادەی خۆی دەبەسترێت .

٢. ئەگەر کۆنگرە لە وادەی خۆیدا نەبەسترێت و پاساوی گونجاوی وەك ڕودانی کارەساتی سروشتی و مرۆیی و جەنگی هەبوو, دوای ئاسایی بونەوە لە ماوەی ( ٦ ) مانگدا پێویستە کۆنگرە **ببەسترێت** .

٣. ئەگەر لەماوەی ئەو (٦ ) شەش مانگەدا نەبەسترا ئەوا ئەنجومـەنی گشتی دەبێت ئەنجومەنی ڕایکردن بێت تا ئامادەکردنی کۆنگرە ،

**ماددەی یانزەم : بەندی یەکەم**

ئەنجومەنی گشتی

١. ئەنجومەنی گشتی پێك دێت لە نەقیب و جێگر و ئەنـدامانی دەستەی بـاڵا واتـە (بەرپرسی بـەش و لیژنەکان و لیپرساوی لقەکان .

٢. بەرزترین دەسەڵاتی سەندیکایە لەدوای کۆنگرە.

## ماددەی پانزەم : بەندی دووەم

# دەستەلاتەکانی ئەنجوومەنی گشتی

١. ئەنجومەنی گشتی مانگانە کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجامدەدات .

٢. دەرکردنی بڕیارو ڕێنمایی تایبەت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی سەندیکا .

٣. بانگهێشتکردن و لێپێچینەوە لە سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی هەیە .

٤. ڕێنمایی کارگێری و دارایی دەردەکات بەپێ ی ڕێنماییەکانی ژمێریاری و یاسایی پەیڕەوکراو .

٥. دەسەڵاتی لادانی جێگرو ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی هەیە بە ڕێژەی ٣/٢ دەنگی ئەندامان لە کاتی لادان لە بەرنامەو پەیڕەوو پڕۆگرامی سەندیکا .

٦. کردنەوەی لقی نوێ لەکاتی بونی هەرناوچەیەك بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ .

٧. دەسەڵاتی کردنەوەی کۆمەڵەو سەنتەری ڕۆشنبیری و زانستی هەیە بە پێی پسپۆری و زانستی و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە .

**ماددەی یانزەم : بەندی سێیەم**

## دەستەی باڵا

دەستەی باڵا پێك دێت لە :

١. نەقیب ی سەندیکا .

٢. جێگری نەقیبی سەندیکا .

٣. لێپرسراوی بەشەکانی . (أ- کارگێری ، ب- دارایی ، ج- ڕاگەیاندن ، د- پەیوەندییەکان ، هـ- ئامار ، و- پلان دانان ، )

٤. بەرپرسی لیژنەکانی ( أ- لیژنەی بەرزەفتی ، ب- لیژنەی پسپۆڕی، ج- لیژنەی چاودێری ، د- لیژنەی بەدواداچوون)

٥. دوو ئەندامی یەدەگ

**ماددەی دوانزەم : بەندی یەکەم**

## دەسەڵاتەکانی دەستەی باڵا

أ- جێگرولێپرسراوی بەشەکانی تر بە گوێرەی لێهاتوی و شارەزاییان بۆ پۆستەکان دیاریدەکرێن یان هەڵدەبژێردرێن لە یەکەمین کۆبوونەوەی دەستەی باڵادا ،

ب- دەسەڵاتی بەسەر دارایی سەندیکاوە هەیە بە پێ ی ڕێنمایەکانی ژمێریاری و یاسایی پەیڕەوکراو .

ج- دەستەڵاتی شاندکرنی ئەندامانی دەبێت بۆ بەشداریکردن لە کۆنفراس و کۆنگرە زانستی و ڕێکخراویەکان لە ناوخۆ و لە دەرەوەی هەرێم .

د- دەستەلاّتی کرین وبەکرێدان و فرۆشتنی مۆڵك وبەستنی گرێبەستی دەبێت بە مەبەستی دابینکردنی داهاتی سەندیکا بە مەرجێك پێچەوانەی یاسا داراییەکان نەبێت.

هـ- بەرپرسە لە بەرامبەر ئەنجومەنی گشتی .

و- پێویستە مانگانە ڕاپۆرتی بەشەکان ئامادەبکات بۆ ئەنجومەنی گشتی .

ز- بەرپرسە لە هەڵسەنگاندن و وەلاّم دانەوەی ڕاپۆرتی لقەکان.

ح- دەرماڵەی تایبەت بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی و ئەنجومەنی لقەکان دیاری دەکات .

گ- ڕێنمایی دارایی و کارگێری و راگەیاندن بۆ لقەکان دەردەکات .

ی- دەسەلاّتی دەرکردنی رۆژنامەو گۆڤارو کردنەوەی سایت و بەرنامەی تەلەفزیونی هەیە .

**ماددەی دوانزەم : بەندی دووەم**

## دەسەلاّتەکانی نەقیب

نەقیب ئەم دەستەلاّتانەی خوارەوەی دەبێت .

١. نوێنەرایەتی کردنی سەندیکا لە بەردەم داوو دەزگا حکومی و ناحکومیەکان و ڕاستاندنی مامەڵەو بەڵگەنامەکانی تایبەت بە سەندیکا ،

٢. سەرۆکایەتی کردنی کۆبونەوەکانی دەستەی بالاّو ئەنجوومەنی گشتی .

٣. ئەگەر جێگای نەقیب چۆڵ بوو جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە .

**ماددەی سێنزەهەم : بەندی یەکەم**

## لیژنەکان

لیژنەکان لە لیژنەی جیاواز پێکهاتوە کە هەر یەکەیان لە لایەن ئەندامێکی دەستەی باڵاوە بەرێوە دەچێت.

١. لیژنەی بەرزەفتی (ڕێکاری) ، سەرۆکی لیژنە ئەندامی دەستەی باڵایە.

ئەو کێشانە سەیر دەکات کە لە ئەنجوومەنی گشتی سەندیکاوە بۆی هەواڵە دەکرێن لە بابەت ئەو سەرپێچیانەوە کە پەیوەندی دارن بە ڕەوشتی پیشەیەوە لەو حاڵەتانەدا کە تایبەتمەندیەتی لیژنەکانی بەرزەفتی کارمەندانی دەوڵەت داین ، بۆی هەیە لەو سزایانەی خوارەوە پێشنیار دەکات بۆ ئەنجوومەنی گشتی .

١. ئاگادار کردنەوە
٢. سەرنج راکێشان
٣. قەدەغەکردنی پیادەکردنی پیشەکەی بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ تێنەپەڕێت .
٤. لە کاتی گەڕانەوە ئەگەر سەرپێچیەکی تری لە ماوەی سێ ساڵی داهاتوە لە مێژووی سەپاندنی سزای یەکەم دا کرد ماوەی

پیادەکردنی پیشەیەکەی لێ قەدەغە دەکرێت بۆماوەی دوو ساڵ تێنەپەڕێت .

ب . لیژنەی چاودێری و لێپێچینەوە ئەو بنەمایانە پەیڕەو دەکات کە لە یاسایی بەرزەفتی (رێکاری ) کارمەندانی دەوڵەت دا هاتوە .

٢ . لیژنەی بەدواداچوون، سەرۆکی لیژنە ئەندامی دەستەی باڵایە.

ا- بەدواداچون بۆ کیشە و گرفتی زانستی و کارگێریەکانی ئەندامانی سەندیکا دەکات .

ب - تاوتویکردن و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکیەکانی لقەکان .

ج - رێکخستن و پێدانی مۆڵەتی پیشەیی .

د . مانگانە راپۆرتی چالاکیەکانی ئاراستەی ئەنجوومەنی گشتی دەکات .

٣ . لیژنەی پسپۆریەکان . سەرۆکی لیژنە ئەندامی دەستەی باڵایە ٠

أ- نوێنەرایەتی خواست و داواکاریەکانی پیشە جیاوازیەکان دەکات لە رووی تایبەتمەندی پیشەیی

ب- دارشتنی پلانی زانستی پرۆژەی نوێ بۆ ئیش و کارەکان پیشکەش بە ئەنجوومەنی گشتی دەکات .

ت- لەسەر ئاستی لقەکان بۆ پیشە جیاوازیەکان دروست دەکرێت بە هەڵبژاردن لە نێوان سەرجەم ئەندامانی یەك پیشە .

پ- مانگانە راپۆرتی چالاکیەکانی ئاراستەی ئەنجوومەنی گشتی دەکات .

٤- لیژنەی چاودێری : سەرۆکی لیژنە ئەندامی دەستەی باڵایە.

چاودێری چالاکیەکان ڕاپۆرتی لقەکان دەکات و پێشنیار و ڕاسپاردەکان لەئەنجومەنی گشتیدا دەخاتە ڕوو تا بڕیاری پێویستی بۆ بدرێت.

**ماددەی سێنزەهەم : بەندی دووەم**

## کۆمەڵە زانستی یەکان

١. ئەنجوومەنی سەندیکا دەسەڵاتی پێدانی رەزامەندی هەیە بۆ کردنەوەی کۆمەڵەی زانستی بۆ پیشە جیاوازیەکان لە چوار چێوەی سەندیکا .

٢. دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەندیکا لەسەر پرۆژەی پێشکەش کراو وتایبەت بە هەرکۆمەڵەیەك، سەندیکا کۆنفراسێك بۆ ئەم کۆمەڵەیە ڕێکدەخات بۆ پەسند کردنی ئامانجە زانستی و پرانسیبی کارکردن و پێکهاتەو هەڵبژاردنی دەستەی باڵای کۆمەڵە .

٣. لێپرسراوی کۆمەڵە ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی سەندیکا دەبێت و بەشداری کۆبونەوەکانی مانگانە دەکات .

٤. ئەنجوومەنی گشتی بودجەی بۆ دیاری دەکات .

٥. مانگانە ڕاپۆرتی ئیش و کارەکانی کۆمەڵە و ڕاپۆرتی دارایی پێشکەش بە ئەنجوومەنی گشتی سەندیکا دەکات .

## ماددەی چواردەهەم :

## کۆبونەوەی ئەنجومەنی گشتی

١. ئەنجومەنی گشتی مانگانە یەك کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجامدەدات جگە لە کۆبوونەوەی نائاسایی .

٢. نەقیب یان ٣/٢ ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی مافی بانکهێشت کردنی ئەنجومەنی هەیە بۆ کۆبونەوەی نائاسایی .

٣. ئەنجومەنی گشتی کۆبوونەوەی وەرزی لەگەڵ ئەنجومەنی لقەکان دەکات ،

## ماددەی پانزەهەم : بەندی یەکەم

لق پێك دێت لە

١. لێپرسراوی لق و ئەنجومەنی لق و لیژنە پسپۆریەکان و نوسینگە و نوێنەرایەتیەکان .

٢. دەستەی کارگێری لق پێك دێت لە ( لێپرسراوی لق , جیگر , ٥ کارگێر ) .

## ماددەی پانزەهەم : بەندی دووەم

## دەسەڵاتی لق

١. نوێنەرایەتی و سەرپەرشتی کارەکانی سەندیکا دەکات لە سنوری جوگرافیی خۆیدا .

٢. سەرپەرشتی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ناو شارو دەرەوەی شارلە سەرجەم نەخۆشخانەو مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان دەکات لە سنوری چالاکی خویدا .

٣. مافی دەرکردنی بەیاننامەی هەیە لە سنوری چالاکی خۆیدا بە ڕاوێژلەگەڵ دەستەی باڵا .

٤. پێکهێنانی لیژنەی جوراوجۆر و ئامادەکردنی راپۆرت و سکالاّ و پێشنیار .

٥. بەستنی کۆڕ و سمینار و کردنەوەی خولی پیشەیی و زانستی و ڕۆشنبیری بەڕاوێژلەگەڵ دەستەی باڵا دا .

٦. داکۆکیکردن و چاودێری کردنی لە مافی کارمەندانی تەندروستی لەگەڵ لایەنی پەیوەندی داردا .

٧. دەسگیرۆیی ئەندامانی لە کاتی پێویستدا .

٨. مانگانە یەك جار کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدات جگە لە کۆبوونەوە نا ئاسایی یەکان

## ماددەی پانزەهەم : بەندی سێهەم

## لیژنە ی پسپوری لەسەر ئاستی لق

١) لەسەر ئاستی لقەکان بۆ پێشە جیاوازەکان دروست دەکرێت بە هەڵبژاردنی ڕاستەخۆ و نوێنەری سەرجەم پیشە جیاوازەکانی دەبنە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری لقەکان .

٢) لە کاتی پێویست لەگەڵ دەستەی کارگێر کۆدەبێتەوە.

٣) نوینەرایەتی کردنی خواست و داوایەکانی پیشە جیاوازەکان دەکات لە ڕووی هونەری زانستی یەوە لە سنووری لقەکاندا .

## ماددەی پانزەهەم : بەندی چوارەم

## پێکهاتەی نوسینگە

١. نوێنەرایەتی چالاکی سنوری قەزا دەکات

٢. پێکدێت لە ( ٣ – ٥ ) ئەندام , کە بە هەڵبژاردن دیاری دەکرێت .

٣. ئەلقەی پەیوەندی نیوان کارمەندان و لق لە بەرزکردنەوەی پێشنیار و راپۆرت .

٤. مافی رەخنەگرتن و سکالاَی هەیە لە لق و لە رێگەی لقەوە نارەزایەتیەکانی بگاتە دەستەی بالاّ لە کاتی چارەسەرنەکردنی لە لایەن لقەوە .

٥. بەرپرسیارە لە بەرامبەر بریارو رێنماییەکانی لق .

٦. لێپرسراوی نوسینگە راستەو خۆ ئەندامی ئەنجومەنی لق دەبێت .

٧. دەستەی کارگێری لقەکان سەر پەرشتیاری هەڵبژاردن و رێکخستنەوەی نوسینگەکان دەکەن بە لەبەر چاوگرتنی ئەندام گۆنگرە بەشداربوەکان لە گۆنگرەدا بۆ لێپرسراوێتی نوسینگە کە .

مادەی پانزەهەم : بەندی پێنجەم

## نوێنەرایەتی

نوێنەرایەتی بریتیە لە :

١. نوێنەرایەتی نەخۆشخانەو مەڵبەندو بنکە تەندروستی یەکان و ئەو داوو دەزگایانەی پیشەی تەندروستی تیادایە لە سنووری لق کە نووسینگەی تیدا نیە .

٢. راستەوخۆ لە نێو نەخۆشخانە و بنکە و مەڵبەندە تەندروستیەکان هەڵدەبژێردرێن لە لایەن لقەوە .

٣. ڕێکخستنی پەیوەندی و گەیاندنی ڕێنماییەکان لە نیوان لق و کارمەندانی تەندروستی و دامەزراوە تەندروستیەکان و بەرزکردنەوەی داخوازییەکان

## بەشی چوارەم

## دارایی سەندیکا

مادەی شانزەهەم : بەندی یەکەم

داهاتی سەندیکا

١- روسوماتی بەئەندام بوون .

٢- هاوبەشی ساڵانە .

٣- دەرهێنان و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی پیشەیی

٤- بەخشینی حکومەت

٥- داهاتی پرۆژەکانی سەندیکا

٦- داهاتی چاپەمەنیەکانی سەندیکا

٧- داهاتەکانی تر کە سەندیکا بە ڕێگەی یاسایی دەستی دەکەوێت .

## ماددەی شانزەهەم: بەندی دووەم

## رسومات

١. بڕی رەسمی بە ئەندام بوون و هاوبەشی ساڵانە و رسوماتی مۆڵەتی پیشەیی و نویکردنەوەی ساڵانەی بە رینمایی دارایی تایبەت لە ئەنجومەنی گشتی دیاری دەکرێت .

٢. رێژەی ١٠٠ ٪ لە داهاتی رسوماتی بە ئەندام بوون و مۆڵەتی پیشەیی و هاوبەشی ساڵانە دەگەرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی گشتی .

٣. بڕی پشکی لقەکان بەگوێرەی داهاتیان لە لایەن ئەنجوومەنی گشتی یەوە رێژەکەی دیاریدەکرێت بەمەرجێك لە نیوە ٥٠٪ کەمتر نەبێت و زیادکردنیشی بەرەچاوکردنی هەلوومەرج و پێویستی لقەکان دەبێت .

## ماددەی سانزەهەم: بەندی سێهەم

## خەرجکردنی داهاتەکان

١. بەپێ ی یاسا و تۆمارە ژمێریارییەکانی پەیڕەوکراولە هەرێمدا دەبێت .

٢. خەرجیەکانی دەستەی باڵاو لقەکان بە پێی بەندو برگەی دارایی دیاریکراو دەبێت .

٣. دەستەی باڵا بڕیار لەسەر چەندی و جۆنیەتی خەرجکردنی داهاتەکان دەدات .

٤. نەقیب سەندیکا بەرپرسی خەرجیەکان دەبێت .

٥. راپۆرتی دارایی لقەکان لە خەرج و داهات لە کۆبونەوەی مانگانە لە بەرامبەر ئەنجومەنی گشتی پەسند دەکرێت .

٦. بەرپرسی دارایی دەستەی بالاّ مانگانە راپۆرتی گشتی داهات و خەرجیەکان دەخاتە بەردەم ئەنجوومەنی گشتی و پەسند کردن و پەسند نەکردنی لە دەستەلاّتی ئەنجوومەنی گشتی یە .

٧. ئەنجوومەنی گشتی بودجەی لقەکان دیاری دەکات .

## بەشی پێنجەم

### ماددەی حەڤدەهەم : بەندی یەکەم

### میکانیزمی هەڵبژاردن

ئەنجومەنی گشتی سەندیکا پێنج مانگ پێش وادەی بەستنی کۆنفرانسە ناوچەییەکان کۆدەبێتەوە بۆ دانانی لیژنەی تایبەت بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردن و دانانی میکانیزمی کۆنفرانس و ئامادەکاری بۆ کۆنفرانس ، کە بەم شێوەیە دەبێت :

١. دەستەی بالاّ بەرپرسە لە دابین کردنی پێداویستی و بودجەی کۆنفرانس.

٢. تەنها ئەو کارمەندانە بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن و خۆپالاّوتن دەکەن کە ئەندامی سەندیکان و ناسنامەی سەندیکایان هەیە و پابەند بوە بە هاوبەشی سالاّنە .

٣. دەستەی بالاّ و لقەکان سێ مانگ پێش وادەی هەڵبژاردن ئەندامانی سەندیکا بە فەرمی لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن و نوسینگە و

نوێنەرایەتیەکان ئاگادار دەکەنەوە لە وادەو ڕۆژی کۆنفرانسە ناوچەییەکان و بە ئەندام بوون و هاوبەشی ساڵانە ڕادەگیرێت.

٤. دەستەی باڵا دوای ئەنجامدانی کۆنفرانسە ناوچەییەکان لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە دەستنیشان دەکات .

دوابەدوای ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیان لیژنەی ئامادەکاری و ئەنجومەنی گشتی سەندیکا لە ناو کۆنگرە کۆتایی بە کارەکانیان دێت و لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت و بەڕێوەبردنی کۆنگرە دەگریتە ئەستۆ.

٦. بەرپرس و ئەندامانی لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە مافی خۆپاڵاوتنی نیە بۆ ئەندامیەتی دستەی باڵا .

٧. پرۆسەی هەڵبژاردنی نەقیب و دەستەی باڵا بە سەرپەرشتی دادوەر دەبێت .

٨. دەستەی باڵای هەڵبژێرراو دوای دوو ڕۆژ هەڵدەستێت بە گرێدانی یەکەم کۆبوونەوەی بۆ دابەشکردن و ریکخستنی کارەکانیان .

## ماددەی حەڤدەهەم: بەندی دووەم

## هەڵبژاردنی بەرپرس و ئەندامانی لق

١- سەرجەم ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرە لە سنووری هەر لقێکدا بە هەڵبژاردن بەرپرسی لق و دەستەی نوێ ی لق هەڵدەبژێرن .

٢- ئەندامانی هەلبژێردراو بۆ دەستەی باڵا مافی دەنگدانیان هەیە لە سنووری لقەکانیان .

## ماددەی حەڤدەهەم : بەندی سێهەم

دەستەی باڵا سەرپەرشتی هەڵبژاردنی بەرپرس و ئەندامانی لق دەکات .

## ماددەی حەڤدەهەم : بەندی چوارەم

١. دەستەی کارگێری لق پاش هەڵبژاردنەوەیان ئەرکی ریکخستنەوەی لیژنە پسپۆریەکان و نووسینگە ونوینەرایەتیەکان دەگرنە ئەستۆ لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە .

## ماددەی حەڤدەهەم : بەندی پێنجەم

هەموو پسولەکانی دەنگدان لە لایەن دەستەی باڵاوە مۆر و واژوو دەکرێن کە لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە دەبێت ، بە مەرجێك لە سێ کەس کەمتر نەبێت .